# پێشبینی دەکرێت شەپۆلێکی بەفربارین ناوچە جیاجیاکانی هەرێم بگرێتەوە و پلەکانی گەرما دابەزێت



بەڕێوبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان داکشی پێشبینیکراوی ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ڕادەگەیەنێت

بە ئەمڕۆ شەممە ئاسمان بە گشتی ساماڵ و پڕ هەور دەبێت، لە ڕۆژهەڵاتی هەرێم هەوری تەواو دەبێت لەگەڵ بارینی بەفرو بارانێکی کەم و لەگەڵ هەندێ لە ناوچە شاخاوییە سنووریەکان، لەکاتێکانی شەودا ئاسمان دەگەرێت بە هەوری تەواو.

پلەکانی گەرما نزم دەبێتەوە لێنەوان 3-1 پلەی سیلیزی بڕاورد بە تەماركراوەکانی دوێنێ هەینی.

بە سبەی یەکشەممە 23ـی شوباتی 2025، ئاسمان هەوری تەواو دەبێت، لەگەڵ بارینی بەفر لە زۆربەی ناوچە بەرزەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێم بەشێوەی پچڕ پچڕ، بەفرباریین سێنتێری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دەگرێتەوە و بارینی بەفرەکی کەم لە سێنتێری پارێزگای هەولێر و کەرکووک.

هەروەها پلەکانی گەرما بە سبەی یەکشەممە نزم دەبێتەوە لێنەوان 4-2 پلەی سیلیزی بڕاورد بە تەماركراوەکانی ئەمڕۆ شەممە.

بەشی پێشبینی لە بووەرایەتی کەشناسی بەرزترین پلەکانی گەرمای پێشبینیکراو بە پلەی سیلیزی لە شارێ جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بە ئەمڕۆ شەممە بەاوکردنەوە و پێشبینی کرد لە هەولێر 6 پلەی سیلیزی بێت، سلێمانی 2 پلە، دهۆک 4 پلە، زاخۆ 5 پلەی سیلیزی، هەڵەبجە 3 پلەی سیلیزی، کەرکووک 7 پلەی سیلیزی، لە گەرمیان 7 پلەی سیلیزی.